# خەڵاتی نووسەری یا خەڵاتی درۆزنی و بەدفەڕی؟

**چ ناڕەوایە، بە هێدی بڵێی هەراش**
**چ بەدە، بە بەدکاریش بڵێی پیاوچاک و باش**
**چ جوانە، هەرکەسە کارنامەی خۆی بەیتە دەستی**
**نە وەسفی زیادە لە کەس کەی، نە ناڕەوایش هەڵبەستی**

لە پێشدا، داوای لێبوردن دەکەم سەبارەت بەوە کە وشەی **درۆزن** لە سەردێڕەکەدا بەکار براوە. لە درێژەی ئەم چەند دێڕەدا بە بەڵگەوە ئەوە بەروونی دەکەوێتە بەردەستان!

لە سایتی {(راویژ)www.rawij.com} بابەتێکم 23 لاپەڕەییم بینی بە ناوی:
**(قارەمان و رووداو لە چیرۆکی کوردیدا** **حەمە سەعید حەسەن** **وەرگری خەڵاتی ئاراس)**

بۆ روون بوونەوەی باسەکە بەشێکی کورت لە **قارەمان و رووداو لە چیرۆکی کوردیدا** بخوێنینەوە:

**{ئیتماتۆف لە (سەگی بەڵەک)دا هێندە شارەزایانە باسی زەریا و هەموو ئەو شتانەی پێوەندییان بە زەریاوە هەیە دەگات، خوێنەر لە ڕێی ئەو چیرۆکەوە کۆمەڵێک زانیاری پوخت، دەربارەی نهێنییەکانی زەریاوە فێر دەبێت.**

**کە گۆرکی (دوژمنەکان)ی نووسی، پلیخانۆف ناچار بوو بڵێت: کۆمەڵناسە هەرە مەزنەکان، ئەوانەی لە زەریای زانستدا مەلە دەکەن، زۆر شت لە گۆرکییەوە فێر دەبن).**

**ڕۆمانی (بیرەوەرییەکانی هەواری مردووان)ی دەستۆیفسکی، بوو بە هۆی قەدەغە کردنی ئەو ئەشکەنجەدانە سەختەی لە زیندانەکانی ئەو سەردەمەی رووسیادا باو بوو.**

**ڕۆمانی هێشووەکانی تووڕەیی)ی جۆن شتاینباک هەوێنی گۆڕینی چەند بڕگەیەک بوو لە یاسای ئەمریکاییدا.**

**جاک لەندەن لە (پاژنە ئاسنینەکان)دا، لە ڕێی قارەمانی ڕۆمانەکەیەوە، ئایدۆلۆجیای کرێکاران دەخاتە ڕوو.**

**محەمەد زەفزاف لە(هەوڵی ژیان)دا رووناکی دەخاتە سەر ناکۆکییەکانی کۆمەڵگەی مەغریب لە سایەی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمدا.**

**هێنانەوەی ئەو نموونانە، لەبەر ئەوە بوو تەمی گومان لە دەوری مانگی ئەو راستییە دوور بخەمەوە کە هونەر بەگشتی، دیارە ئەدەب بەشێکی هەرە گرنگی پێک دەهێنێت، شێوەیەکە لە شێوەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، بۆیە پەیامی تایبەتی خۆی هەیە و کۆمەڵێک ئەرکی مەعریفی، ئایدۆلۆجیایی و پەروەردەیی رووبەروو دەبێتەوە کە ناچارە جێبەجێیان بکات.**

**چیرۆکنووسانی کورد چی دەڵێن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، رووبەرووی قارەمانانی ئەو کورتە چیرۆکانە دەبمەوە کە بە نموونە دەیانهێنمەوە و رووناکیش دەخەمە سەر پێوەندی ئەو قارەمانانەوە بە ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکانەوە.**

**قارەمانی چیرۆکی (توانەوە)ی رەئووف بێگەرد، ئافرەتێکی مامۆستایە، هەمیشە بیروخەیاڵی لای شووکردنە، چونکە کورتەبنەیەکی رووخسار چرچ و لۆچاوییە، وا هەست دەکات شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە و گرێی هەست بە کەموکوڕی کردنی هەیە. ئەم ئافرەتە کە شەیدای کوڕێکی قوز بووە، پێی خۆشە ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ دواوە بگەڕێتەوە، تەنیا بۆ ئەوەی شوو بکات. ( زۆر جار دایکم بۆی گێڕامەتەوە، نە باوکم ئەمی دیبوو، نە ئەمیش ئەو، ئەوسا چ دنیایەکی خۆش بوو، بۆ لەباتی دایکم من نەبووم؟) ئەمە بیرکردنەوەی قارەمانەکەیە، ڕووداوەکەش ئەوەیە کە کچە بەرەو قوتابخانە دەچێت، لە ڕێگە کوڕە قۆزەکە دەبینێت و چەند جار بەملاو بەولایدا رەت دەبێت، دواجار کوڕە دەبینێت شان بەشانی کچێکی شۆخ رێ دەکات و خەریکی ڕاز و نیاز دەربڕینە لەگەڵیدا، ئیدی ئەمیش دڵگران دەبێت و**

**قوتابخانە پشتگوێ دەخات و ڕێگەیماڵەوە دەگرێتەبەر. چیرۆکنووس دەیەوێت چی بڵێت؟ ئاخۆ گەرەکییە بڵێت کچینە ئەگەر کوڕێکی قوزتان بە نسیب نەبوو، لە ماڵەوە دانیشن و کارکردن فەرامۆش بکەن! یان دەخوازێت بڵێت: ژیان تەنیا گەران بەدوای شووکردندا و هیچی تر. چیرۆکنووسی وریا دەزانێت، حاڵەتێکی وەها ناکرێت بە دیاردەیەکی گشتی، چونکە ئەم ئافرەتە مامۆستایە، نوێنەری ڕاستەقینەی مامۆستایانی ئافرەت نییە.**

**قارەمانی چیرۆکی (بەرد و خوێن)ی ئەمین میرزا کەریم ئافرەتێکە تینوو، هاوار دەکات: فەرموو، ئەوەتا حەزی لێ دەکەم، ڕێبوارێکیش بە رووتی بمبینێت، هەر خۆشە، خۆزگەم بەو سەگانە، لە هەر کوێ ویستیان، بەیەکەوە دەلکێن. ئەم ژنە تەنیا لەبەر ئەوەی مێردەکەی لە ماڵ نییە، ئامادەیە لەسەر گازەری پشت بۆ دراوسێکەیان پاڵ کەوێت و دوا جار بە مۆمێک ئالۆشەکەی دابمرکێنێتەوە. ئەمە هەڵسوکەوت و بیرکرنەوەی قارەمانی چیرۆکەکەیە، لەو لاشەوە دراوسێکەیان، لەبەر ئەوەی ژنەکەی لە سەروەختی خوێن لەبەر ڕۆیشتنی مانگانەدایە، هانا بۆ دەستپەڕ دەبات. کە واتە لای چیرۆکنووس، ژیان بریتییە لە دامرکاندنەوەی ئالۆش، بۆیە لە ڕێی چیرۆکەکەیەوە دەیەوێت بە خوێنەر بڵێت، بۆ دامرکاندنەوەی ئالۆش، ئەگەر مێیت هانا بۆ مۆم بەرە و ئەگەر نێریشیت دەستت بخە گەڕ! چیرۆکنووس نەک هەر سنورێکی لە نێوان ئینسان و ئاژەڵدا نەهێشتوەتەوە، بگرە ئینسانی هێندە سووک کردووە کە تاوات بە ژیانی سەک بخوازێت. هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی، ڕەنگدانەوەی بیر و تێڕوانینی نووسەرەکەیەتی، ........) }.**

بە خوێندنەوەی ئەو چەند دێرەی سەرەوە دەبینین خەلاتگرەکەی ئاراس خۆی بە نووسەر و ڕەخنەگر لای خوێنەر دەداتە قەڵەم. بۆ زانیاری دەربارەی ئەم نووسەر و ڕەخنەگرە دەڕۆینە ناو چەند دێڕکەوە بەناوی "**ساتێری مورمور**" کە خۆی لە ڕادیۆ(هەنگاو)، خوێندوویەتەوە.

**{(ڕەحمان ماوەیەک دانی بۆ ئەو ژنانە ڕۆدەکرد کە بەتەمەن لە خۆی بچوکتر بوون، کە هیچیان بە داوییەوە نەبوون کەوتە هەوڵی ئەوانەی کە هاو تەمەنی خۆی بوون، کە ئەوانیشی پێ دەسخرە نەکرا کەوتە بەگیرهێنانی ئەو ژنانەی کە وەک مزگەوت روخابوون و مێحرابیان مابوو، ئێستا لەگەڵ ژنێک یان ڕاستر لەگەڵ پیرە ژنێکدا دەژی کە هاوتەمەنی نەنکیەتی. نەنک بە سویدی مووڕمووڕە، هەر کات زەنگ بۆ ڕەحمان لێبدەم ئەم پرسیارەیشی لێدەکەم ئەدی مووڕمووڕت چۆنە؟).**

بەرپرسی ڕادیۆ هەنگاو کەسێک بوو بەناوی **خەلیل بێکەس}.**

خوێنەری سەروەر، سەبارەت بەو بەشەی سەرەوە چۆن داوەری ئەکەی خۆت ئەزانی، بەڵام سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ ئەو چەند دێری نەمر (**مامۆستا عەبدولخالق مەعروف**) :

**لێرەدا باس باسی مافی مرۆڤایەتییە، نازانم بەلای چیرۆکنووس و مافخوازانی ژن، پیاوی پیر مافی نییە؟ ئەگەر بە مرۆڤی دەزانن بۆ دەبێ ئاوا باسی کچێک بکرێ« کە چەندە ستەمی لێکراوە. ئەوەتا ئاسمان و زەوی شین دەگێڕن و قور دەپێون چونکە کچێکی ناسک و تەڕوجحێل دراوە بە پیاوێکی پیری کەنەفتە، وەها دەری دەبڕن کە پیاوی پیری کەنەفتە دوڕەندێکی ئینسان خۆرە. لە بەر چی؟ هەر لە بەر ئەوەی پیاوی پیری کەنەفتە، هێزی مێخوازی کەمترە لە کەنجێک و ڕەنگە ئارەزووی نێرخوازی کچە بە تەواوی دانەمرکێنێ. ئەگەر لەبەر ئەمە نییە، ئەدەی لەبەر چییە؟)** ل10 کتێبی، ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا}.

با هەر ئەو پرسیارەی مامۆستا عەبدولخالق، بەڵام لەبری پیاوی پیر، ژنی پیر بەکار ببەین و لەم **خەلاتگری ئاراس بپرسین**، ئایا لە رووی مافی مرۆڤەوە ئەو ژنە پیرە مرۆڤ نییە؟! ئایا ئەو ژنە پیرە کە لە چاو ئێوەدا وەک مێحرابێکی روخاو دەنوێنێ، دڕندەیەکی ئینسان خۆرە؟ هەر لەبەر ئەوەی ئەو ژنە پیرە کەنەفتە، هێزی نێرخوازی کەمترە لە کچێک و ڕەنگە ئارەزووی مێخوازی ڕەحمان بە تەواوی دانەمرکێنێ. ئەگەر لەبەر ئەوە نییە ئەدی لەبەر چییە؟

با درێژە بەین بە کارنامەی خەلاتگرەکەی ئاراس، کە بەو جۆرە ئەڵێن:

.{(**هەندێک کەس هەن ژیانێکیان بەسەر بردووە، بەڵام ناوبانگیان پەیدا نەکردووە، بەس لەملاولەولا باس لەوە ئەکەن کە ئەوان قارەمانی ئەو ساتێرە چیرۆکانەی منن و بەو شێوە ئەیانەوێ لەو ڕێگەوە ناو پەیدا بکەن. من حەز ئەکەم لێرەدا بە گوێگرانی خۆشەویست بڵێم: ئەوانەی ئەو ساتێرانەیان دیوە و لە داهاتوودا دەیبینن، ئەوەی شارەزای شێوازی نووسینی من بێت، من بێ سڵ کردنەوە بیروڕاکانی خۆم دەردەبڕم. چ لە شار بووم کە وەختی خۆی، چ دوای کە چومەتە شاخ، وە ئەوەتی لە ئوروپایشم لە هەموو قۆناغەکانی ژیانمدا هەر چیم وتبێ، بە تایبەتی بیروڕایەکم دەربڕیبێ، قەت نە چووم بە شێوەیەکی تەمومژاوی و پێچ و پەنا ئەو بیروڕایانەی خۆم دەربڕم، ناوی ئەو نووسەرە، ناوی ئەو سیاسەتمەدارەم نووسیوە و ئینجا رەخنەم لێگرتووە. جا لە بەر ئەوە، ئەو کەسانەیش کە نازانم لە بەرچی پێیان خۆشە قارەمانی ئەو ساتیرانەی من بن. وەک وتم لە وانەیە هەر بەو هۆیەش کە بەشکم لە وانەیە بییانەوێ ناوبانگ دەرکەن. من حەز دەکەم ئەو کەسانە و خوێنەرانیش دڵنیاکەم ئەو ساتیرانە زادەی خەیاڵن و ئەو قارەمانە بوونیان نییە، من خۆم دامناون).**

وتووێژی لەگەڵ رادیۆ‹ دەنگی کوردستان› ستۆکهۆلم، ساڵی 2000 وتووێژکەر حەمید تەیمووری}

لەو وتووێژەدا: دەڵێت: ئەو ساتیرانە زادەی خەیاڵن و ئەو قارەمانە بوونیان نییە، <u>من خۆم دامناون.</u> با لێرەدا بۆ **راستگۆیی یا درۆزنییان** سەیری ئەو چەند دێڕی خوارەوە بکەین:

{ ( **بیرەوەریەکانی گوێگرێکی زیز**

**حەمە سەعید حەسەن**

**خۆ مەرج نییە نووسەر کە نیاز گێڕانەوەی بیرەوەریی هەبوو، هەر لە ناو بێشکەوە دەست پێ بکات و تا کەناری قەبر نەیبڕێتەوە. من ناوم ڕەحمانە، خەڵکی سەقزم، سێ ساڵە ژنم هێناوە، سێ کچم هەیە. ئەگەرچی لە کۆڕ و کۆمەڵدا، خۆم وەک پیاوێکی ژنخواز نیشان دەدەم، بەڵام لە ئێوەی ناشارمەوە، هەر لە مناڵی یەکەمەوە وەک هەر پیاوێکی دیکەی کورد، بە هیوای کوڕ بووم و هەر تامەزرۆیشم بۆ کوڕ، کردمی بە باوکی سێ کچ. کابرایەکی دەمهەراش کە لە بنکەی لایەنێک، چونکە باجی لێ نادا، بە نرخێکی هەرزان سەرتاشی دەکات و لە بەدبەختی من تۆزێ تورکیش دەزانێ، هەر کە بیستی سێیەم کچمان بووە، ناوی نام: ڕەحمان سێقزی، ئاخر کچ بە تورکی قزە.**

**وەختی خۆی لای خۆمان ئازادیی بیروڕا دەربڕین نەبوو، لێرە ئەگەرچی هەیە، بڵام بۆ من خێرێکی وای تێدا نییە. لە ستۆکهۆلم، چی زۆرە؟ ڕادیۆی کوردی. تەلەفۆن بۆ هەر کامیان دەکەم، بە بیانووی کەموەختییەوە قسەکانم پێدەبڕن و لێناگەڕێن بە تەواوی دەرد و زووخاوی دڵی خۆم هەڵبڕێژم.**

**سەیرە خۆیشم نازانم، بۆچی هێندە شەیدای ئەو ڕادیۆ کوردییانەم. بڕواتان هەبێ، نەک هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی گوێ لە هەموویان دەگرم، بەڵکو تەلەفۆن بۆ هەمووشیان دەکەم. پرۆگرامی هیچ ڕادیۆیەکیان نابوێرم. بەشداری یەکە بە یەکەیان دەکەم، هەر لە گۆرانی داواکراوەوە تا مشتومڕە فیکرییە خوێناوییەکان و تەنانەت چەلەحانێ جنێوەکانیش. ڕێ دەکەوێ، هاوزەمان دوو ڕادیۆی کوردی پێکەوە دەس بە پەخش دەکەن، لەم حاڵەتەدا دوو ڕادیۆ دێنم و گوێ لە هەردوو لایان دەگرم، یان لە یەکێکیاندا قسەدەکەم و گوێ بۆ ئەوی تریان شل دەکەم. یان کە لە یەکێکیاندا دەپەیضم، لەوی تریاندا سەرەی ئاخاوتنم گرتووە. گرنگترین ئیشم هەبێ، لە بەر گوێ بۆ ڕادیۆ رادێران پەکی دەخەم. لە کاتی پەخشی رادیۆدا، نە دەرکا لە کەس دەکەمەوە، نە وەڵامی تەلەفۆن دەدەمەوە. ئەگەر ماڵەکەم ئاگری تێ بەربووە، رادیۆکە بەجێ ناهێڵم. جارێکیان زەنگم بۆ ڕادیۆی شەوچەرە، بەو مەبەستەی چەند بروسکەسەرنجێ سەبارەت بە ئازادیی ژنان دەربڕم، لێدا. ژنێ کە پرۆگرامەکەی بەڕێوە دەبرد، لای خۆی ڕێگەم بۆ خۆش بکا، پێی گوتم:**

‹ کاکە تۆ تەواو بێتام و ناخۆشت کردووە، ڕادیۆ نییە تەنگت پێ هەڵنەچنیبێ، جار نییە زەنگ لێ نەدەی، پرۆگرام نییە بەشداری تێا نەکەی، قەت لە کورتی نایبڕیتەوە. ببوورە ئەمشەو ناتخەمە سەر ئەنتێن و ناهێڵم یەک وشە بدرکێنی، بەڵام بەڵێن بێ هەفتەی داهاتوو ماوەی ڕادیۆکەمان کە دوو سەعاتە، هەر هەمووی بۆ تۆ تەرخان دەکەین و هەر ئێستایش گوێگرە ئازیزەکان لەو بارەیەوە ئاگادار دەکەینەوە. خۆت تەواو تەیار و ئامادە بکە! هەر چیت دەربارەی هەرچی هەیە، بە ئارەزووی دڵی خۆت بیڵێ، بەڵام بە مەرجێ ئیدی ببڕای ببڕ تەلەفۆنمان بۆ نەکەیتەوە، بە ڕاست تۆ کە هێندە شەیدای ڕادیۆی، بۆ ئیزگەیە ناکەیتەوە؟ خۆ ڕادیۆمان بۆ تۆ دانەناوە! ئەوە تۆ گوێگری ئازیزی یان بەڵای خوای!›

ئای لەو ژنە دەمگەرمە، دەگوت بەڕوو لە زاریدا تەقیوە. بە درێژای ژیانم وا نەتۆقیوم. هەر ئەوق بووم. دەتگوت تەفیزیۆنێکی گڵۆپی دەنگ سووتاوم. بە جۆرێ حەپەسام، ئاسمانی بەرین، بەڕووی چۆلەکەی وشەمدا، وەک قەفەزێکی تەنگی لێهات. ئێستا بیر و بۆچوون و دیتنەکانم، بۆ بڵاوکراوە کوردییەکان دەنێرم. جێی داخە چونکە بەرپرسی هیچیان ناناسم، هەمیشە ناوی نازداری خۆم لە پۆستەی خوێنەراندا دەبینمەوە، بەڵام من بڕوام بە محاڵ نییە، ئاخر محاڵیش چەرچیل گوتەنی: خەونێکە، ئەگەر چی دوا دەکەوێ، بەڵام هەر دێتە دی. لە فەرهەنگی مندا زاراوەی ورەبەردان، جێی نابێتەوە و زۆر لەوە جیڕ و قیرسیچمەترم، هەروا بە ئاسانی گۆڕەپانی شەڕی پیرۆز و ڕەوای فیکریی چۆڵ بکەم. ماوەیەکە پەیتا پەتیا، لە ڕێی نامە و فاکس و پۆستی ئەلکترۆنییەوە، گوشارێکی هەمەلایەنە و بەربڵاوم خستۆتە سەر بەرپرسانی بڵاوکراوە کوردییەکانی ئوروپا، بەو ئومێدەی ڕۆژێ دابێ، دەرگای پەخش بە ڕووخساری گەردلێنیشتووی نووسینەکانمدا بکەنەوە و گۆرانی و شەقژنی پۆلە قاز و قولینگی وشەکانم ئاسمانی جیهان بشلەقێنن.

سەرکەوتووترین نووسەریش گلانی بەخۆوە دیوە. بە ئازارترین نسکۆی من ئەو جارە بوو کە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەربانگ، لە لاپەرە 25ی ژمارە 116یاندا، بۆیان نووسیبووم: ‹ بنێشت بە تورکی ساقزە؛ بەوەدا وەکوو بنێشت توند پێمانەوە لکاوی و بە هیچ جۆرێ لە بەرۆکمان نابیتەوە، هەق بوو ناوت ڕەحمان ساقزی بێ، نەک سەقزی.› ژانی بەسوێی تیری ئەم پلارە، زێتر خۆشەی کردم و لە دڵی خۆمدا گوتم: ڕامبۆی گەورەشاعیر، ڕێگەیەکی سەدان جار تاقیکراوەی بێ ترس و کۆسپی نەگرتە بەر،ڕێیەکی نوێی بینییەوە،دەبێ منیش شاڕێیەکی تایبەت بە خۆم بدۆزمەوە.).

لە ژمارە (1)ی گۆڤاری هەڵوەدا لە نۆرویژ- ژمارە (9)ی گۆڤاری هاوار لە ئاڵمان و ژمارە (173)ی گۆڤاری سرەوە، لە ورمێ، کە لەلایەن ئێرانەوە داگیرکراوە بە چاپی گەیاندووە.}.

**خەڵاتگرەکەی ئاراس ئەفەرمێ** ئەو ساتیرانە زادەی خەیاڵن، ئەو قارەمانە بوونیان نییە، خۆم داماون. بەڵام لەو چەن دێڕەی سەرەوەیاندا دەنووسن: **سەرکەوتووترین نووسەریش گلانی بەخۆوە دیوە. بە ئازارترین نسکۆی من ئەو جارە بوو کە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەربانگ، لە لاپەرە 25ی ژمارە 116یاندا، بۆیان نووسیبووم: گۆڤاری بەربانگ بە لاپەڕە(25 و ژمارە( 116)کەیەوە باشترین بەڵگەی درۆزنی ئەم کەسەیە!**

بۆ ئەوەی درۆزنی و موتەقەلبییەکەی روون بێتەوە تەماشای ئەو لاپەڕەی بەربانگ ئەکەین:

**{(بەربانگ و خوێنەران . برای ئازیزمان کاک سەعید سەقزی لە ستۆکۆڵم سوپاست ئەکەین بۆ لێپرسینەوەت لە گۆڤارەکەمان. نامەکەت بە کۆمیتەی کارگێڕی فیدراسیۆن گەیشت. چونکە نێوەرۆکەکەی لەگەڵ سیاسەتی بەربانگ ناگونجێ، ناتوانین بڵاوی کەینەوە.) بەربانگ ژ . 116لاپەرە . 25 }.**

ئەم ساتیر نووسە و نووسەرە مەزنەی ئاراس، بەڵگە لە گۆڤاری بەربانگ دەسنیشان دەکات و سەعی سەقزی دەکات بە رەحمان سەقزی و دەفەرمێ پاڵەوانی ساتیرەکان **خۆم داماون.**

**(چەرمی رووی هێن قایمە شمشێری میسری نایبڕێ**
**گەر بە کەوشی کەی دەمێنێ، تا قیامەت نادڕێ!** شیخ رەزا تاڵەبانی )

با برۆینە ناو جهانی درۆزنیی خەڵاتگرەکەی ئاراسە کە بەو جۆرە ئەفەرموون:

**من بەعس بە دڕندەترین ڕژێمی جیهان دەزانم، پێویستم بەوە نییە پاساو بۆ ڕەوتارەکانی بۆ ڕەوتارەلانی بهێنمەوە، بەڵام تا پدک بەرەو (حاجی هۆمەران) پێش لەشکری ئێران نەکەوت، بەعس بارزانییەکانی قوشتەپەی ئەنفال نەکرد.**

ژمارە 30ی گۆڤاری گزینگ لاپەرە 35 سالیَ 2001

**دەمێکە پێم وایە: هەڵگرانی پێشکەوتوو خوازترین بیروباوەری نەتەوەییی ئەگەر جیَ پێیان پتەو بیَ، لە فاشییەکانی ئیتالیا و نازییەکانی ئەڵمانیا و لە بەعسییەکانی عێراق چاکتر نابن.**

کتێبی لە سایەی چەقۆدا، لاپەڕە 8 نووسەر حەمەسەعید حەسەن

www. Kurdistannet.org **(**




**کوردستان** 19 ، 11 ، 2004 – 12 – 30

**حەمەسەعید حەسەن لە هەولێر خەڵاتی ڕێزلێنانی دەزگای ئاراس بۆ چاپ و پەخش وەرگرت: بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست کوردستان نێت کەوتووە، حەمەسەعید حەسەن ئەو بڕیاری گرتنەی کە بە هۆی شکاتێکی یاسایی عەبدوڵا ئاگرینەوە لە دادگای هەولێر لێیکرابوو، بە بڕیارێکی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پوچەڵکراوەتەوە. بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێم پشت بەو دەسەڵاتە یاساییە دەبەستیَ کە بە خودی سەرۆک بەخشراوە. جێگەی باسکردنە لە ڕۆژی 26 / 12 / 2004 دا بە ئامادە بوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا لە هوتێل شرایتۆنی هەولێر، خەڵاتی دەزگای ئاراس بۆ چاپ و پەخش بە حەمەسەعید حەسەن و چوار نووسەری تر بەخشرا. کە بریتی بوون لە بەڕێزان دکتۆر مارف خەزنەدار- ئەحلام مەنسور- فەلەکەدین کاکەیی – دکتۆر مونزر ئەلفەزیل.)**

، کەسێک سەبارەت بە لەناوچوونی **بارزانییەکان** ئەوە بۆچوونی بیَ، کەسێک سەبارەت بە ڕێکخراوە **نەتەوەییەکان** بەو جۆرە بیرکاتەوە، ئەگەر لەگەڵ خۆی و خەڵکدا ڕاستگۆبی و درۆ نەکات، ئەتوانیَ لە دەزگای ئاراس کە دەزگایەکی(**پارتی**)یە خەڵات وەرگرێت؟!

**نووسەری ئەم چەند دێڕە و بچوکی ئێوەی خوێنەر خەڵکی (سەقز)ە، ناو و شۆرتی (سەعی قایشی)یە!**

**تکایە!** بە وردی لەو دوو لاپەرە دیکۆمێنتەی خوارەوە بڕوانن! یەکیان لە **گۆڤاری چراخان چاپکراوە، ئەویدی** بە ژمارە (**فاکسی حەمەسەعید حەسەن)ە** ، لە ژێر هەر دوویاندا نووسراوە: **سەعیدی قایشزادە.**

ئەو دوو لاپەڕە کارنامە و بەڵگەی درۆزنی و موتەقەلبی خەڵاتگرەکەی (**دەزگای ئاراس**)ە!

# نامەیەکی کراوە بۆ ئەمیر ئەرسەلانی رۆمی لەهەر کوێ یەک هەبێ!

نوسینی: حاجی مەم

ـ کوڕی باش، تۆش لیمان بوی بەخەلکی شار! وەک عەلۆدان هەلس وکەوت دەکەی! بۆ لە کوێ ی کـا
نوستوویی، هیشتا بەخەبەر نەهاتوی:

کوڕی عەیار لە چاوپەنای حیزبایەتی کردنەکەیەوە، کەوەک (بیردۆز) ان [ببوون مەبەستم بـــــــبنە دۆزە
ئەوەی بێلاوان پینە دەکات] دەخولایەوە، چونکە ئەوان رۆژان مژدە مژدەی خۆ بادانی مەکرۆیانە بوو بـ
لـم ـ لینینزم مارکسیزم ـ ئەوەک هەروەک جەماعەت تێ ی کەیشتون، لاقە مریشک نا. کە ئەوێ زەمـا
خەلکانێکی بێ شوماری ناو کەرمیسەی سیاسەتی فەشەلاوی رژێمە داگیرکەرەکەی کوردستان پـێ :
سەرخۆش ببون.

ئەو رۆژانەم لە بیر ناچێتەوە، پاش چەند سالێکی دووره ولاتی، رۆژانی دوای کۆچ رەوەکەی کۆمەلانـی
خەلکی کوردستانی خواروو، بەرە ولات چویومەوە، هەر لەو نوقتەی سەر سنووره دەسکردەکەوە ئاودیوی
لای خۆمان بومەوە، واقم ورما، ولاتێکی وێرانە پراوپڕ لەزام و ژان، حیزبە چەکدارەکانی شاخ لـــــ
ستێەری راپەرینی خەلکەوە، هاتبونە مەیدان و جلەوتی دەسەلاتیان پێدا کردبوەوە، کە لەخەویـــــــر
خەونیان پێوە نەدەدیت .. کوڕی عەیار یەکێک بوو لەوانەی وەک چۆن ئاگر بکەوێتە پوش و پـەلاشەوە،
ئاوا کەوتبوە گەرمەی کەمەی بەزمی رابواردنەوە، ئەگەرچی زۆربەی کوڕانی شاخ زۆرتر بەلانـــــــی
تامەزرۆیی رەنگین بونی بەر تالان و ئاودیوکردنی سامانی کوردستانەوە بون، کەچی کوڕی عـــــــەیار
سەربارى ئەوەش تامەزرۆی هەوەس ودەست لە ملانێ ی سەرلەنوێ ی ناو بریق وهۆڕی شاری بوو، زۆر
بەدەگمەن شەوانەش دەکەوتەوە مال، هەتاکو وای لێهاتبوو، ئەو ژنە بەستەزمانەی کە بەدرێژایـــــــی
رۆژانی شاخ، ستێەری هەمو دەم و چرکەیەکی بوو، لێ ی ببوو بەدوپشک و توخنی نەدەکەوت. ئەو تازە
کاری بەو نەما بوو، لە پەنا لوتکەی شاخانەوە، کاریتە ی بن میچی ژووروکەی بۆیە بکات و لەپەنا چرای
کزی شەوی تاریکی خۆ بە تاکە یەک کەسەوە خەریک بکات، بەلکو هەر رۆژەی بەدوای یەکێکەوە ویـــل
بوو، تاکو شەوەکەی لەژێر کراسی ئاوداماڵی پەمەیی دەگیرسایەوە.

'چاوت کوێر بێت دایکی عوبێدی، ئەتۆ هەمیشە سەر بە کونکەرە بووی!'

کاک (ص) بەهەشتی بۆی گیڕامەوە، کوڕی عەیار هیشتا بەرپرسیاری پلەیەکی ئەو دەزگا حیزبی یـــەی
شاری بوو، گوایە نەخۆش کەوتوە، کاکی ناوبراو بەنیازی بەسەرکردنەوە، چوتو سەردانـــــــــی، دوای
تێپەربون بە ژووری ئیستعلامات و پرسگای تایبەتی و پاسەوانەکانی بارەگای دەربار کە هەر هـەمویان'
تا دوێنی جاش و چەلاو حۆری میری (نیشتمانی) بون.

کاک (ص) یادی بەخێر، کەیشتبوە بەر دەرگای ژووره تایبەتی یەکەی کوڕی عەیار، لەپڕ چەکدارێـک بە
هەلەداوان لە بەر دەمی قیت ببوەوە، هۆشداری ئەوەی پێ دابوو! کە دەرگا نەکاتەوە، چونکە میر لـــــە
هۆدەکەی خۆی کۆبونەوەی تایبەتی هەیە! بەلکە بچێ لە پرسگا ژوان بگرێ، تاکو ئاغا کۆبونـــــەوەکی
تەواو دەبێ. بەلام کاکی ناوبراو ئەو کێلمە میلمەی نەدەزانی، یەکسـەر بەبێ ئەوەی لە دەرگـــــا بدات،
راستەوخۆ دەرگای خستبوە سەرگازەرەی پشتێ .. کوڕی عەیار بە پێوە لەگەل ژنە عەلۆدەیەک دەست
لە ملانی خەریکی چواچ و چوچ بون، وەک چۆن سکرتێر سەرۆک ماچ بکات ئەوەها تێک ئالابون..

ئیتر (ص) هەر ئەوەندەی بۆ مابوەوە، بلی:

*بەخوادای جوانە، مانای کۆبونەوەی تایبەتی شمان زانی لە قاموسی حیزبایەتی! تفوو لە خــــــــۆت
و کۆبونەوە و کەرامەتت!!!

بەلێ کوڕی عەیار لەو بارمیەوە تەقلە بە فیلی لێ دەدات، کێ تواناى باربردنی ئەوی هەیە، جاران کاری
لەم جۆرەی زۆر بە نهێنی و بەپەنادزە بوو، بەلام هەنوکە ئەوەندە دەستی دەڕوات، دەتوانێ ژنێک بکاتە
ئەندامی پەرلەمان و زیاتریش!

لە سەفەرێکی دیکەی کوردستان دا هیشتا کوڕی عەیارو حیزبەکەی لە شارە تەپ و تۆزاوییەکەم مابون،
ئەو شارەی شەوانە تەنیا مەسئولە حیزبی و دەنگینەکان شەوی مالەوەیان پەروناکی بەسەر دەبەن، دەنا
وەکی تر، شار لە تاریکی بەر قوشمەی کوڕی تاریکە شەوان نقوم بووە. کاک (مەجید)ی هـــــاورێ ی
کۆنینە رۆژانی تەنگانەی کۆتای هەفتەکانی ئەو رێکخراوەی بەندە کاری ژێر زەمینی بەرێوە دەبـــــرد
و ئەورۆکەش کوڕی عەیار قەلەم رەویەتی، کاک مەجید هاتبوە سەردانم، شەو لەبەر چراو فانـــــــوس
بەدەوری یەکتری دانیشتبوین، دوای هەندی چاک و چۆنی بەسەرکردنەوەی رۆژانی کۆنینی، بەرێکـەوت
چەند خزمێکیشم لەوێ بون، کاک مەجید زۆر کورت وکرمانجی رووی تێ کردم کوتی: *شەرێ (ح.م)ی جەمەری، ئەوە کاتی خۆی ئەو ...

## ئەواری خالی

بۆ: چریکی شەهابی

ئەتێتی رادیۆم لێ دەکری،
بە ئەواری بەتالەوە؟
وەرزش دەکەی لە ئاکالا،
بە رانکوچۆغەی شالەوە؟
ئەگەر تا ئێرەش غار بدەی
دەفرم بە جووتێ بالەوە،
ئەستەمە میزکرد لەگەل تۆ
بۆم بێی بە کیبزی زالەوە؛
هەر خەریکی بەزمی خۆت بە
تۆ لە رادیۆی لۆکالەوە،
گەر ئبی بی سی‌ئشم لێ بگری
ئا بەو دەنگە زولالەوە،
من کڕ دەبم، ئاخر هەلۆ
ناچێتە شەڕی دالەوە،
مەگەر کاوێژ سەربڕی و
فەرموو بکەی بۆ مالەوە،
دەنا بە تەنزێکی دیکە
دیسان دەتێمە چالەوە،
تۆ کەی ئەسپەشێی ئەو بارەی
ئا بەو عەقلە ڕەجالەوە؟
سیخوڕ لە سیقز چاکترە
بەلام بە لای فامکالەوە،
سین سین موورمووری پەیداکە
مەیە شەڕی مەحالەوە

شیعری: سەعیدی قایشزادە
2000/12/21

پەراوێز:
1) ئەواری خالی، ناونیشانی چیرۆکێکــــــی مامۆستا هێمنە.
2) ئەوار: کاسێتی ریکۆردەر.
3) ئاکالا، ناوچەیەکی کوردنشینە لە باکــووری ستۆکهۆلم.
4) تەنز: ساتیر، جەفەنگ، کاریکاتێر بە وشـە.
5) ڕەجال: ڕووت و ڕەجال، فەقیر.
6) سیخوڕ: خەفیە، جاسووس.
7) سیقز: سی کێ.
8) فامکال: کالفام، کەوج.
9) سین سین: باشترین کوێگر و چالاکتریـــــن ئاختێوەری رادیۆ لۆکالییەکانی (ناوچەییەکانـی) ستۆکهۆلمە، بەلگەی دەستی بۆ دژایەتیکردنـی نەیارەکانی، ئەواری بۆشە.
10) موورموور: داپیرە، دایەگەورە، ئەنـــــک، دایکی دایک.

OM : HAMASAEID HASSAN

ناوی حەمە سەعید حەسەن

PHONE NO. : 015018988

ژمارە فاکسی حەمە سەعید حەسەن

2000-12-22 23:38

کاتی فاکس کردن

## نەوازی خاڵی

بۆ: دڵشاد هەڵەپاس

ئەنتێنی ڕادیۆم لێ دەگری،
بە نەوازی بەتاڵەوە؟
وەرزش دەکەی لە ئاکالا،
بە ڕانکوچۆغەی شاڵەوە؟
ئەگەر تا ئێرەش غار بدەی
دەفڕم بە جووتێ باڵەوە،
مەحاڵە مێزکرد لەگەڵ تۆ
بۆم بێی بە گورزی زاڵەوە،
هەر خەریکی بەزمی خۆت بە
تۆ لە ڕادیۆی لۆکاڵەوە،
گەر دبی بی سیەشم لێ بگری
تا بەو دەنگە زوڵاڵەوە،
من کڕ دەبم، ئاخر هەڵۆ
ناچێتە شەڕی داڵەوە،
مەگەر کاوڕێ سەرببڕی و
فەرموو بکەی بۆ ماڵەوە،
دەنا بە تەنزێکی دیکە
دیسان دەتخەمە چاڵەوە،
تۆ کەی نەسبەشێی ئەو بارەی
تا بەو عەقڵە ڕەجاڵەوە؟
سیخوڕ لە سیقز چاکترە
بەڵام بە لای فامکاڵەوە،
سین سین موورمووری پەیداکە
مەیە شەڕی مەحاڵەوە.

سەعیدی قایشزادە

٢٠٠٠/١٢/٢١

تێبینی: سەبارەت بەو درۆیانە حەمەسەعید حەسەن دەربارەی نووسەری ئەم چەند دێڕە کە ئەنجامیداوە، چەند نووسراوەم بەو ناوانە بڵاو کردەوە.

**درۆی شاخدار، چیرۆکی بەڵگەدار، گۆڤاری هاوار. من تۆ ناناسم، تا دەربارەت بنوسم، گۆڤاری گزینگ. چراخان یا چاوەگەی درۆ و چاخان؟! ، ئەنترنێت. کتێبێک بەناوی: چیرۆکنووس یا کینۆکنووس؟**

بە بەڵگەوە درۆکانی خۆدی خۆی، (رادیۆی سەردەم، رادیۆی پارتی) و گۆڤاری چراخان دەسنیشان کراوە.

سەعی سەقزی 3 - 10 - 2007